**وەزارەتی کشتوکاڵ**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی**
**ژمـــــارە: ٣٢٠٤/١**
**ڕێکەوتی : ٢٠٠٧/٤/٣**

## ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٧
## تایبەت بە مۆڵەتدانی باخی مێوە

## ﴿ ڕێنمایی بۆ مۆڵەتدانی باخ ﴾

بەمەبەستی هاندانی جوتیارانی کوردستان و خاوەن زەوی کشتوکاڵی بۆ دروست کردنی باخ و پەرەپێدانی ئەم کەرتە گرنگە لە کشتوکال و پشت بە بریاری ژمارە (٦٠٤) ی سالی ١٩٧٠ تایبەت بە دابەشکردنی زەوی و گرێ بەست ، بریارمان دا بە دەرکردنی ئەم رێنمایانەی خوارەوە بۆ مۆلەت پێ دانی دروست کردنی باخی مێوە :

١. پێویستە داواکاری پێشکەش بکرێت بە رێگای لقی رەزگەری و دارستان و پاوانی ناوچەکە، ئینجا بەرز بکرێتەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی رەزگەری ودارستان وپاوان لە پارێزگا کە دەست دەکرێت بە هەنگاوەکانی مۆلەت دان.
٢. مۆلەت دان بە دروست کردنی باخ لە سەر زەوی مولك یان زەوی دەولەت دەبێت کە مافی بە کارهێنانی هاوولاتیانی لەسەرە ، وە ئەگەر زەویەکی (مشاع) بوو لە نێوان چەند جوتیارێکدا، ئەوا پێویستە رەزامەندی هەموو هاوبەشەکانی لە سەر هەبێت. یان خاوەن داواکار گرێ بەستی یاسایی هەبێت لە گەڵ فەرمانگەی پەیوەندار.
٣. مەرجە زەویەکە سەرچاوەی ئاوی هەبێت ئەگەر مەبەست لە دروست کردنی باخی بەراو بێت.
٤. بۆ دانی مۆلەتی باخ پێویستە رەزامەندی زەوی وزار و فەرمانگەکانی شارەوانی و کارەبا و شوێنەوار وەربگرێت.
٥. لە بەرێوەبەرایەتەکانی رەزگەری و دارستان و پاوان لیژنەیەك پێك دەهێنرێت لە چوار ئەندام ، دوانیان شارەزا لە بواری رەزگەری و سێ هەمیان پێوەر بێت و چوارەم نوێنەری ئەو لقە بێت کە باخەکە لە ناو سنوری دادەمەزرێت و سەرۆك لیژنەش پێویستە ئەندازیاری کشتوکاڵی بێت. و هەر (٦) شەش مانگ جارێك ئەم لیژنەیە بگۆردرێت.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٦. بۆ مۆڵەت دان پێویستە لیژنەكە گشت كاری پێویست ئەنجام بدات وەك پشكنینی زەویەكە و وەرگرتنی رەزامەندی فەرمانگەكانی شارەوانی و كارەبا و رێگاوبان و شوێنەوار وەربگرێت وەهەر كارێكی تر كە پێویست بێت.

٧. ئەم مۆڵەتە سالانە نوێ دەكریتەوە.

٨. پێویستە داواكار پەیوەست بێت بەو رێنماییە هونەریانەی لە فەرمانگەی پەیوەندارەوە دەردەچێت.

٩. مۆلەت دەدرێت بۆ دروست كردنی باخ بە مەرجێك زەویەكە لە (٥) دۆنم كەمتر نەبێت.

١٠.رەسمی پشكنینی زەوی وبەخشینی مۆلەت و نوێ كردنەوەی، بە پێ ی رێماییەكانی وەزارەتی دارایی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەبێت.

١١. داواكار گرێ بەستی نوێ یان (سند ملكیە) ی نوێ پیشكەش بكات وە ئەگەر زەویەكە بە بریاری دابەش بوون بوو دەبێ بریارەكە پەسند كرابێت.

١٢. رێكخستنی نەخشەك بۆ باخەكە.

١٣. ئەو چارچە زەویەی كە تەرخان دەكرێت شیاو بێت بۆ ئەم مەبەستە.

١٤. خزمەت كردنی باخ بە شێوەێكی زانستی و رێك بە تایبەتی لە رووی قەلاچۆكردنی مەگەز و نەخۆشی بۆ ئەوەی نەبێتە سەرچاوەی بڵابونەوەی نەخۆشی بۆ پارچە باخی تر.

١٥. نابێت زەویەكە بە كار بێت جگە لە مەبەستی دروست كردنی باخ.

١٦.پێویستە سەرپەرشتیكردنی باخ لە لایەن ئەندازیاری كشتوكاڵی بێت و بۆ ئەم مەبەستە رێنمایی بە هەماهەنگی رێكخراوەكانی ئەندازیارانی كشتوكاڵی.

١٧.بەرێوەبەرایەتی رەزگەری و دارستان و پاوان لە پارێزگاكان لیژنەێك رێك بخات بۆ بە دواداچونەوەی باخەكان بە مەبەستی زانینی پابەند بونی ئەم باخانە بە رێنماییە فەرمیەكانی لە دوا رۆژ.

١٨.هەر سەرپێچی كردنێك لە لایەن خاوەن باخ لەم مەرجانەی بۆی دیار كراوە ، مۆلەتەكەی لێ دەسێنرێت.

١٩. كەلیشەی مۆلەت بەم شێوەی هاوپێچ دەبێت كەلەگەڵ ئەم رێنماییانە هاتووە.

**عبدالعزیز طیب**

**وەزیـــــری كشتوكــــــال**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com